# تحليل مكاني لظواهر الزواج والطلاق في إقليم كردستان العراق خلال السنوات (2009-2023)

ب.ى.د ساسان حكمت على

اقليم كردستان العراق، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، قسم الجغرافيا

sasan.ali@su.edu.krd

ا.م.لوزان حسن عبدالرحمن

اقليم كردستان العراق، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، قسم لجغرافيا.

lozan.abdulraman@su.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: التحليل المكاني، الزواج، الطلاق، إقليم كردستان العراق، الأنماط الديموغرافية.

**كيفية اقتباس البحث**

على , ساسان حكمت , عبدالرحمن , لوزان حسن , تحليل مكاني لظواهر الزواج والطلاق في إقليم كردستان العراق خلال السنوات (٢٠٠٩-٢٠٢٣),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في **ROAD**

Indexed مفهرسة في **IASJ**

# Spatial Analysis of Marriage and Divorce Phenomena in the Kurdistan Region of Iraq during the Years (2009-2023)

**Sasan Hekmat Ali**

**College of Arts, Salahaddin University – Erbi Department of Geography**
**sasan ali@su.edu.krd**

**Lozan Hasan Abdulrahman**

**College of Arts, Salahaddin University – Erbi Department of Geography**
lozan.abdulraman@su.edu.krd

**Keywords** : Spatial analysis, marriage, divorce, Kurdistan Region of Iraq, demographic patterns.

**How To Cite This Article**
Ali , Sasan Hekmat Abdulrahman ,Lozan Hasan ,Spatial Analysis of Marriage and Divorce Phenomena in the Kurdistan Region of Iraq during the Years (2009-2023) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines the spatial and demographic patterns of marriage and divorce in the governorates of the Kurdistan Region of Iraq and explores the realities of marriage and divorce cases within them. The importance of this study lies in the scarcity of research addressing these two phenomena, despite their significant role in the social fabric. The study aims to find solutions to mitigate the increasing phenomenon of divorce, as a noticeable rise in divorce rates was observed during the study period due to various factors, including social and economic ones. This study employs a descriptive-analytical approach, utilizing statistical analysis of data related to these two phenomena. To achieve its objectives, the study is divided into three main sections:

The first section addresses the conceptual and terminological framework of marriage and divorce, and reviews the geographical characteristics of the study area. The second section focuses on analyzing the reality of marriage and divorce cases in the governorates of the region during the period (2009-2023). The third section aims to analyze the spatial distribution of marriage procedures and the phenomenon of divorce among the governorates, based on official data issued by the Judicial Council of the Kurdistan Region of Iraq.

المستخلص:

تتناول هذه الدراسة الأنماط المكانية والديموغرافية لظواهر الزواج والطلاق في محافظات إقليم كردستان العراق، وتبحث في واقع حالات الزواج والطلاق فيها. تكمن أهمية هذه الدراسة في ندرة تناول هاتين الظاهرتين في البحوث العلمية، على الرغم من أهميتهما البالغة في النسيج الاجتماعي. تهدف الدراسة إلى إيجاد حلول للحد من تفاقم ظاهرة الطلاق، حيث لوحظ ارتفاع ملحوظ في معدلات الطلاق خلال فترة الدراسة لأسباب متعددة، منها أسباب اجتماعية واقتصادية. تعتمد الدراسة على المنهج الوصفي التحليلي، وتوظف التحليل الإحصائي للبيانات المتعلقة بهاتين الظاهرتين. ولتحقيق أهدافها، تنقسم الدراسة إلى ثلاثة محاور رئيسة: يتناول المحور الأول الإطار المفاهيمي لمصطلحي الزواج والطلاق، ويستعرض الخصائص الجغرافية لمنطقة الدراسة. أما المحور الثاني، فيركز على تحليل واقع حالات الزواج والطلاق في محافظات الإقليم خلال الفترة (2009-2023). بينما يهدف المحور الثالث إلى تحليل التوزيع المكاني لإجراءات الزواج وظاهرة الطلاق بين المحافظات، وذلك بالاستناد إلى البيانات الرسمية الصادرة عن المجلس القضائي لإقليم كردستان العراق.

## شیکردنەوەی شوێنی بۆ دیاردەکانی هاوسەرگیری وجیابوونەوە لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە ماوەی ساڵانی( 2009-2023)

**پ.ی.دساسان حکمەت عەلی**

**زانکۆی سەلاحەددین.کۆلێژی ئاداب.بەشی جوگرافیا**sasan.ali@su.edu.krd

**م.ی لۆزان حەسەن عەبدولرەحمان**

**هەرێمی کوردستانی عیراق ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا .**

lozan.abdulraman@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە دیاردە شوێنی و دیمۆگرافییەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بەدواداچوون بۆ واقیعی حاڵەتەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم دوو دیاردەیە لە توێژینەوە زانستییەکان باسیان لێ نەکراوە، سەرەڕای گرنگیدانیان لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا. ئامانجی توێژینەوەکە زیادبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری و دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی

جیابوونەوە و تێبینی زیادبوونی حاڵەتەکانی جیابوونەوە دەکات لە ماوەی توێژینەوەکەدا لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری. توێژینەوەکە میتۆدۆلۆژیای وەسفکەر بەکاردەهێنێت و شیکاری ئاماری داتاکانی پەیوەست بەم دوو دیاردەیە بەکاردەهێنێت. بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشدا. لە بەشی یەکەمدا ناساندنی زاراوەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە بەشی دووەم ناساندنی ناوچەی توێژینەوە. بەشی سێیەم باس لەتایبەتمەندییەکانی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە و تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە واقیعی کەیسەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە پارێزگا بۆ ساڵانی (2009-2023)دەکات. **کلیلەی وشە: شیکردنەوەی شوێنی ،هاوسەرگیری ، جیابوونەوە، هەرێمی کوردستانی عێراق، شێوازی دیمۆگرافی.**

**1-1 بەشی یەکەم پێشەکی:شیکردنەوەی شوێنی لە کۆنەوە سەرنجی مرۆڤایەتی داگیرکردووە.**

مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیەوە چاودێری ئەم گۆڕانکارییەیان کردووە و تۆماریان کردووە، کە لە هەموو شوێنێکدا هەبووە. لە ڕێگەی ئەم تێبینییەوە، بیریان لە هۆکارەکانی ئەم گۆڕانکاری و جیاوازییە کردەوە. توێژینەوەکانی دانیشتوان لە ژیانی مرۆڤدا زۆر گرنگن، چونکە لە هەر دیاردەیەکی مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەوی کە پەیوەستە بە ژمارە و گەشەکردن و دابەشبوونی جوگرافی و پێکهاتەی دانیشتوان دەکۆڵنەوە. پرۆسەی هاوسەرگیری پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای دوولایەنە،مەرجی بنەڕەتی سەرکەوتن و بەردەوامییەکەی بریتییە لە لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگی نێوان هاوسەرەکان.بە پێچەوانەوە جیابوونەوە دیاردە یەکی زۆر کۆنە و لێکهە ڵوە شاندنە وە ی خێزانە .

**1-2 گرنگی توێژینەوە:** ئە م توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی زیندووی ڕۆژانە و ئە نجامەکانیشی بۆ ئەم وەزارەت و لایەنانە سوود بە خش دە بێت (وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی داد بەتایبەت دادگاکان ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری خێزاندا کار دەکەن بە تایبەت سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری و چارەسەری کێشە خێزانییەکان بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان).تیشك خستنە سەر گرنگترین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەی هۆکارەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە.

**1-3 ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە دە رخستنی جیاوازی شوێنی و کاتی دیاردە ی هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە هە رێمی کوردستان.

**1-4 کێشەی توێژینەوە:** هەموو توێژینەوە یەک بە کۆمەڵێک پرسیار دەست پێ دەکات وە ك هەنگاوێک بە مێشکی توێژەردا دێت و بنەڕەتییە بۆ هەموو توێژینەوەیەکی زانستی، لە ڕێگایانەوە دەتوانین بگەینە کۆمەڵێک چارەسەرو یارمەتیدەرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لە م توێژینەوەیە دا ئەم کێشانە خراونە تە ڕوو :

١-ئایا جیاوازی لە دابەشبوونی جوگرافیی ڕێژە کانی هاوسەرگیری و جیابوونە وە لە هە رێمی کوردستان دا هەیە؟

٢-هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەکانی جیابوونە وە لە هە رێمی کوردستان چین؟

**1-5 گریمانەی توێژینەوە:توێژینەوەکە وەڵامی ئەم گریمانانە لەخۆدەگرێت:**

1- ڕێژەی جیابوونەوە بە بە ردە وامی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دە کات و ئەم زیادبوونەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە کاتێکە وە بۆ کاتێکی تر جیاوازە.

٢-تایبەتمەندیە دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتیە کانی هە ر تاکێك جیاوازە لە هە ردوو دیاردە کە دا.

**1-6 میتۆدی توێژینەوە**: بریتین لە میتۆدی وەسفی ئەویش بەوە سفکردنی دیاردەکە و گواستنەوەی وێنەکەی لەسەر زەوی بە شێوە یە کی ڕاستی،هەروەها پشت بەستن بە میتۆدی چەندێتی ئەویش بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئامارییەکان بۆ دەرهێنانی ڕێژە و بەهاکان کە تایبەتە بە دابەشبوونی جوگرافی دیاردەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان.

**1-7ئامرازەکانی توێژینەوە:**ئەم توێژینەوەیە پشتیبەستووە بە میتۆدی شیکردنەوە،ئەویش بەشیکردنەوەی داتاکانی بە دەست هاتوو لە ڕێگای دادگاکان و فۆرمی ڕاپرسی ،سە رە ڕای ئە مانە ش پشت بەستن بە سەر چاوە کتێبخانەییە کان وەک کتێب و نامەکانی ماستەر و دکتۆرا و گۆڤارەکان، پشت بەستن بە چاوپێکەوتنە کەسییەکان لەگەڵ توێژە رانی کۆمەڵایەتی لە دادگاکان ، لە پاڵ بەکارهێنانی چەندین ڕێگای ئاماری پاڵپشت بە هەر یەکە لە بەرنامەکانی gis بەستراوە.

**2- ناساندنی ناوچە و بابەتی توێژینەوە**

**2-1: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە**

**سنووری شوێنی :** لە پێناو دە رخستنی سنوری شوێنی توێژینە وە هە وڵدە دە ین دوو لایە ن بخە ینە ڕوو، یەکەمیان شوێنی ئەسترۆنۆمی فە لە کی)، واتە شوێن بە گوێرە ی هێڵە کانی درێژی و بازنە کانی پانی، دووە میان شوێنی جوگرافییە کە بریتییە لە دە ستنیشانکردنی شوێنی ناوچە ی توێژینە وە سەبارە ت بە ناوچە کانی دە وروبە ری.

ا_ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) دە گرێتە وە .


ب- قە زای مە خموور لە گە ل ناحییە کانی (ناوە ندی قە زا قە راج، کە ندیناوە ،مە لاقە رە، گوێر) لە پارێزگای هە ولێر دە گریتە وە.


ج- قە زای شێخان لە گە ل ناحییە کانی( ناوە ندی قە زا، ئە تروش، باعە دری، زیلکان، کە لە کچی، قەسرۆک) لە پارێزگای دهۆک لە خۆدە گرێت.

د- ناحییە ی (بە مۆ)لە پارێزگای هە ڵە بجە دە گرێتە وە. سەبارەت بە پارێزگای هەڵەبجە بە هۆی ئەوەی بەشێک لە فەرمانگە کانی هێشتا نەبوونەتە بەڕێوبەرایەتی گشتی لە سەر پارێزگای سلێمانی و لەسەر ئاستی حکوومەتی عێراق هەر بە قەزا ماوەتەوە نەبۆتە پارێزگا هەر لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانی شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

هه روه ها له ڕووی فه له کی یه وه ئیداره ی هه رێمی کوردستان ده که وێته نێوان هه ردوو بازنه ی (37:22-32:14:)باکوور و نێوان هه ردوو هێلی درێژی ( 42:22 -24 :46) ڕۆژهه لات هه روه ها له ڕووی جوگرافیه وه ولاتی تورکیا که وتوته باکووری و له باکووری ڕوژهەلاتی و باشووری ڕۆژهەلاتی هەرێمی کوردستان کۆماری ئیسلامی ئیرانه له به شی باشووری پارێزگای دیاله یه و هه ریه ک له پارێزگاکانی سه لاحه ددین و که رکوکیش ده که ونه به شی باشووری ڕوژئاوا و له به شی ڕوژئاوای پارێزگای نه ینه وایه و له بەشی باکووری روژئاوای وولاتی سوریایه هه وه ک له نه خشه ی( ١) دیاره.

نه خشه ی ژماره(١) شوێنی فەله کی و جوگرافی هه رێمی کوردستانی عیراق و ناوچەی توێژینەوە




سه رچاوه/ کاری توێژەر پشت به ستن به :- -حه داد ،هاشم یاسین و ئه وانی تر (٢٠٠٩) ، ئه تله سی هه رێمی کوردستانی عیراق و جیهان، چاپی یەکەم چاپخانه ی تینووس هه ولێر.٢- حکومه تی هه رێمی کوردستان، وه زاره تی پلان دانان، ده سته ی ئاماری هه رێم ،به شی نه خشه سازی،نه خشه ی هه رێمی کوردستان،٢٠٢٣.

سەبارەت بە ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە چەندین بۆچوون هەیە بە پێی داتاکانی حکوومەتی عێراق وەزارەتی پلاندانانی عێراق و بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ ڕووبەرەکەی(٣٨٦٥٩) کم ٢یە. بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلاندانان دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ڕووبەری ناوچەی توێژینەوەی بە(٤٧٠٠٢) کم٢ داناوە . ئەمەش ئەو ناوچانە دەگرێتەوە لە ئێستادا لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە سەر بە پارێزگای هەرێمی کوردستانن .خشتەی(١). لە نێو پارێزگاکانیش

پارێزگای سلێمانی زۆرترین ڕووبەری هە رێمی پێک هێناوە کە نزیکە ی لە (٤٣%) ی کۆی ڕووبەری هەرێم پێکهێناوە و پارێزگای (هەولێر) بەپلەی دووەم دێت بە ڕێژەی (٣١,٨%) و هەریەکە لە پارێزگاکانی (دهۆک و هەڵەبجە ) یە ك بە دوای یە ك بە ڕێژەی (٢٣,٤%) و (٢,٢%) ی ڕووبەری ناوچەی توێژینەوە پێکدێنن.شێوەی (١).

خشتە ی ژمارە( ١ )ڕووبەری هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگاکان لەساڵی (٢٠٢٣)

| پارێزگا | ڕووبەر کم٢ | % |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٢٠٠٤٤ | ٤٢,٦ |
| هەولێر | ١٤٩٢٩ | ٣١,٨ |
| دهۆک | ١٠٩٩٠ | ٢٣,٤ |
| هەڵەبجە | ١٠٨٢ | ٢,٢ |
| کۆی گشتی(هەرێم) | ٤٧٠٠٢ | ١٠٠ |


سە رچاوە: کاری توێژەر پشت بە ستن بە: حکومە تی هە رێمی کوردستان، وە زارە تی پلان دانان، دە ستە ی ئاماری هەرێم ، نە خشە سازی،ڕووبە ری پارێزگاکانی هە رێمی کوردستان،٢٠٢٣.

**2-2: شیکردنەوەی شوێنی:** یەکێکە لەو چەمکە هەرە دیارانەی زانا شایفەر بانگەشە بۆ دەکات، کە دەڵێت جوگرافیا زانستی پەیوەندییە شوێنییەکانە. (الفرا، 1980، ص58).جوگرافیا لە پەیوەندییە

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

شوێنییەکان دەکۆڵێتەوە، هەوڵدەدات کێشەی دابەشبوونی دیاردەیەکی دیاریکراو چارەسەر بکات، ئەو هۆکارانە ئاشکرا دەکات کە گۆڕانکارییەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ڕوون دەکەنەوە و دەگاتە تێگەیشتنێکی گشتی لێی، بەتایبەتی دوای گۆڕینی لە بابەتێکی تەنها وەسفکەرەوە بۆ بوارێک کە هەوڵدەدات بگاتە تێگەیشتنێکی گشتی.(خصباك واخرون، 1983، ص217).

شێوە ی ژمارە ( ١)ڕووبەری هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگاکان  لە ساڵی (٢٠٢٣)




سه رچاوە/کاری توێژەر هەمان سەرچاوەی خشتەی  ژمارە(١)

**3-2: ووشەی (هاوسەرگیری)** لە ڕووی زمانە وانی  بە م مانایە دێت کە خودای گە ورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ( وَإِذَا النُّفُوسُ زُوِّجَتْ )واتا بە یە ک دەگەن.(سورة التكوير،اية٧).

**٢-٤: ووشەی(جیابوونەوە)** لە ڕووی زمانە وانی  کۆتایی هێنانە بە پەیوەندی هاوسەرگیری و ڕێگەدانە بە هەریە ک لە لایەنەکان تاوەکو دووبارە پرۆسە ی هاوسەریەتی ئەنجام بدەنەوە .(عیدودی، ٢٠١٩، ص٢٨).

**٢-٥: هاوسەرگیری لە یاسای باری کەسێتی** ژمارە (١٨٨)ی عیراقی ساڵی (١٩٥٩)ی هەموارکراودا لە ماددەی(٣) برگەی (١) داهاتووە ((هاوسەرگیری بریتیە لە گرێبەستێکی ڕەزامەندانە لە نێوان ژن و پیاودا بە هۆیەوە هەریەکە بۆ ئەوەی تر بە پێی شەرع حەڵال دەبێت و مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی (المودة) و بەزەیی (الرحمة) وبەرپرسایەتی هاوبەش بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە)) .( السبعاوی، ٢٠٠٧،ص٤). خوای گەورە دەفەرمووێت (( وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ))(سورة الروم،اية٢١ ).

**٢-٦:جیابوونەوە لە ماددەی (٣٤)ی یاسای** باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩) داهاتووە (بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی ژن و مێردایەتی بە و شێوە یە ی شەرع بۆی دیاری کردووە). (یاخود هەڵگرتنی گرێبەستی هاوسەرێتییە لە کاتێکدا پیاو ئەو تەڵاقە بخات یان ژن ئەگەر ڕاسپێدرا بوو لە لایەن دادوەرەوە).(السامرائي، ٢٠١٤،ص٤).

**٢-٧:هاوسەرگیری کەنیسە( الزواج الكنسي)** (پرۆسەیەکی مارەکردنە لە کەنیسە، لەکاتی ئێوارەدا کچ لە کوڕ لە لایەن قەشەوە مارە دەکرێت و پێ دەوترێت هاوسەرگیری لە کەنیسە (الزواج الكنسي) هەمان ڕۆژی مارەکردن لە کۆتایی مارەکردندا لە تۆماری هاوسەرگیریی کەنیسەدا ناوی بووك و زاوا تۆمار دەکرێت و کەنیسە گرێبەستی فەرمی هاوسەرگیری کەنیسەیان بۆ دەکات ).(والی ، ٢٠١٧، لا٨٠).

**٢-٨:هەرچی سەبارەت بە هاوسەرگیری ئێزیدییەکانە** لەگەڵ بوونی سیستمی هاوسەرگیریی چینایەتی داخراو لە نێو ئێزیدیەکاندا، ئەوا شەش چینی هاوسەرگیری جیاواز هەن، هەریەکەیان هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتر دەکەن و بۆیان نییە لە دەرەوەی چینەکەی خۆیان هاوسەرگیری بکەن، ئەم چینانە بریتین لە (ئادانییە، شەمسانیەکان و قەتانییەکان و ئەبیار حەسەن مامان و باقی) (القائدى،٧-٧-٢٠٢٥).

**٣-تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان**

**٣-١: گە شە ی دانیشتوان (التغير السكانى ):.**

توێژینەوە لەگەشەی دانیشتوان بە یەکێك لە هۆکارە پێویستیەکان دادەنرێت بۆ پەردەلادان لەسەر پێشکەوتنی شار.(زێباری ،٢٠٠٠،لا٧). مە بەست لە گەشەی دانیشتوان هەموو ئەو گۆڕانانە دەگرێتەوە کە بەسەر قەبارەی دانیشتوان دادێت لەکات و شوێنێکی دیاری کراودا، ئەمە ش پشت بە هەردوو جۆرە جووڵەی سروشتی و شوێنجێیی دانیشتوان دەبەستێ کە هەر سێ توخمی( لە دایك بوون و مردن وکۆچ )تێدا بەشدارە.(الحسناوي ، ٢٠٠٢، ص٧٩).سە بارە ت بە گە شە ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە خشتە ی (٢) دە ردە کە وێت ، گۆڕانێکی گەورە بە سەر قەبارەی دانیشتوان دا هاتووە بە جۆرێك لە ماوەی نێوان سالانی( ٢٠٠٩ -٢٠٢٣)، ژمارەی دانیشتوان لە (٤,٥٧١,٤٠٨) کە سە وە لە ساڵی (2009) زیادی کردووە بۆ ( ٦,٥٥٦,٧٥٢) کەس لە ساڵی (٢٠٢٣) واتە بە جیاوازی ژمارە ی ڕە های (١,٩٨٥,٣٤٤)کە س و بە ڕێژە ی گە شە ی سالانە ی (٢,٦١%)بووە ، وەك لە شێوە ی (٢) دیارە.

خشتەی ژمارە ( 2) ژمارە و گە شە ی دانیشتوانی هە رێمی کوردستان لە ماوە ی نێوان سا ڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٣)

| ساڵەکان | ژمارەی دانیشتوان | ماوە | جیاوازی ژمارەی ڕەها | ڕێژەی گەشە ی سا ڵانە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٤٥٧١٤٠٨ | ٢٠٠٩-٢٠١٥ | ٩٠١٠٢٨ | %٣,٤ |
| ٢٠١٥ | ٥٤٧٢٤٣٦ | ٢٠١٥-٢٠٢٣ | ١٠٨٤٣١٦ | %٢,٢٩ |
| ٢٠٢٣ | ٦٥٥٦٧٥٢ | ٢٠٠٩-٢٠٢٣ | ١٩٨٥٣٤٤ | %٢,٦١ |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەستن بە: وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێم ،٢٠٠٩ و ٢٠١٥ و٢٠٢٣.(بڵاونەکراوەتە وە).

جێگای ئاماژە یە ئە م گە شە یە لە تە واوی ئە و ماوە یە دا بە یە ک ئاست نە بووە بە ڵکو جیاوازی هەیە لە ماوەیەکە وە بۆ ماوە یە کی تر بە جۆرێک بە رزترین زیادبوونی قە بارە ی لە ماوە ی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥) تۆمارکراوە،بە جیاوازی ڕەهای (٩٠١/٠٢٨)کە س و بە ڕێژە ی گە شە ی ساڵانەی(٣,٤%) بووە، ئە مە ش بە رزترین ڕێژە ی گە شەیە لە تە واوی ئە و ماوە یە دا هۆکاری سەرەکی ئە و گەشەیە لە لایەکەوە بۆ باشبوونی بارودۆخی ئابووری و گوزە رانی دانیشتوان دەگەڕێتە وە کە بووە مایەی زۆربوونی پرۆسەی هاوسەرگیری بە تایبە ت پاش ساڵی (٢٠١٠)، ئەمەش هۆکاربووە بۆ زیادبوونی تێکراڵی لە دایک بوون، لە لایە کی تریشە وە لە کۆ تایی ساڵی ( ٢٠١٤) دا ژمارە یە کی زۆری خە ڵکی ناوەڕاستی عیراق بە هۆی خراپی ڕەوشی ناوچە کانیان و شە ڕی داعش ڕوویان لە پارێزگاکانی هە رێم کردووە.

(*) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەی خوارەوە دەرهێنراوە:.

$$r = t\sqrt{\frac{p_1}{po} - 1}\ )\ x100$$

R =ڕێژەی گەشەی ساڵانە


T=ژمارەی ساڵانەی نێوان دووسەرژمێر

P1=ژمارەی دانیشتوان لە دوایین سەرژمێر

P0=ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری یەکەم

**John I. Clark-Population Geography,2nd Edition per Garman press, . Oxford,1972, p.146**

شێوەی (٢) پەرەسەندنی قەبارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٥-٢٠٢٣)




سەرچاوە :کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی (٢).

لە بە رامبەردا ژمارەی دانیشتوان لە ماوە ی ساڵانی (٢٠١٥ -٢٠٢٣) زیادی کردووە بە جیاوازی ڕەهای (١,٠٨٤,٣١٦) هە زار کە س بەڵام گە شە ی ساڵانە داکشاوە بۆ (٢/٢٩%) ، دیارە خراپی دۆخی ئابووری هە رێم لە م ماوە یە دا بە تایبە ت دوای بڕینی بودجە ی هە رێم لە لایە ن حکومە تی

ناوه ند و  ئاڵۆزبوونی زیاتری ڕەوشی ناوچەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر کەمبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوە لە لایە ک و کە مبوونە وە ی تێکڕاکانی لە دایکبوون لە لایە کی ترە وە هە بووە. سە بارە ت بە گۆڕان لە قەبارە ی دانیشتوان و ڕێژە ی گە شە ی ساڵانە ی دانیشتوان لە سە ر ئاستی پاریزگاکانی هەرێمیش لە سە یرکردنی خشتە ی (٣) تێبینی ئە وە دە کرێت گۆڕانی گە ورە بە سە ر قەبارەی دانیشتواندا هاتووە لە تە واوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .


خشتە ی ژمارە ( ٣) ژمارە و  ڕێژە ی گە شە ی ساڵانە ی دانیشتوان لە سە ر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوە ی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٣)

| پارێزگا | ژمارەی دانیشتوان ٢٠٠٩ | ژمارەی دانیشتوان ٢٠٢٣ | ڕێژە ی گە شە ی ساڵانە(٢٠٠٩-٢٠٢٣) |
|---|---|---|---|
| هە ولێر | ١٧٠٦١٨٢ | ٢٣٩٣٢٢٥ | ٢,٤٥ |
| سلێمانی | ١٦٩٣٩٩٥ | ٢٢٦٩٤٣٩ | ٢,١١ |
| دهۆك | ١١٧١٢٣١ | ١٧٧٢٣٦٧ | ٣ |
| هە ڵە بجە | ٩٠٨٥٨ | ١٢١٧٢١ | ٢,١١ |
| هە رێم | ٤٥٧١٤٠٨ | ٦٥٥٦٧٥٢ | ٢,٦١ |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەستن بە : . وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێم  ٢٠٠٩ و ٢٠١٥ و٢٠٢٣.(بڵاونەکراوەتە وە).

له م نێوه نده شدا گەورەترین گۆڕان له پارێزگای دهۆک بووه ، به جۆرێک دانیشتوان به ڕێژەی گەشەی سالانه ی زیاتر (٣%) زیادیکردووه وه ک له شێوەی (٣) دیاره.  هۆکاری به رزی ئەم ڕێژەیه بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که پارێزگای ناوبراو هاوسنووره لەگەڵ پارێزگای نەینەواو وڵاتی سوریا له ئه نجامی ناسەقامگیری ره وشی سیاسی و ئاسایشی ئه م ناوچانه بووه به مایه ی کۆچکردنی ژماره یه کی زۆری دانیشتوانه کانیان بەرەو سنووری کارگێڕی ئه و پارێزگایە، به جۆرێک کۆی ژماره ی ئه وانه ی تا کۆتایی ئه م ساڵه واته (٢٠١٥) کۆچیان کردووه بۆ پارێزگاکه ژمارەیان (٥٠٩/٥٠٦) که س بووه و بەشی زۆریان له کەمپەکان نیشته جێبوونه. (مخموری ، ٢٠٢٣، ل٣٩٧).  له بەرامبه ردا کەمترین ڕێژه ی گه شه له م ماوه یه دا له پارێزگای هەڵەبجه و سلێمانی بووه له(٢/١١%) ساڵانه بووه، هۆکاری سه رەکیش لەمه دا بۆ ئەوه دەگەڕێتەوه که هەڵەبجه وەکو پارێزگایەکی نوێ له پارێزگای سلێمانی جیابۆتەوه .

شێوه ی ژماره ( ٣) گه شه ی ساڵانه ی دانیشتوانی پارێزگاکانی هه رێمی کوردستان له ماوەی سالانی (٢٠٠٩ - ٢٠٢٣).




لێرەوە دەتوانین بڵێن ژماره و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان له ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٣)جیاوازە ئەمەش کاریگەری هەبووه لەسەر زۆربوون و کەم بوونی هەردوو پرۆسەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری بەیەکداچووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێری رۆڵیان هەبووە لەم بوارەدا.

**٣-٢: دابەشبوونی جوگرافی دیاردەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لەهەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠٢٣):**

**٣-٢-١: دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دیاردەی هاوسەرگیری بە گوێرەی پارێزگاکان:**

دابه شبوون به کرۆکی کاری جوگرافی داده نرێت ، هه ندێ جاریش وا له جوگرافیا ده روانرێت که زانستی دابه شبوونی شوێنییه. دابه شبوونی شوێنی دیارده جوگرافیه کان به یه کێك له بابه ته گرنگه کان داده نرێت له زانستی جوگرافیادا، بۆیه دابه شبوون له جوگرافیادا بریتییه له دووباره بوونه وه ی دیارده کان له شوێنێکدا یان ئه و ڕێکخستنەیە که له ئه نجامی دابه شبوونی دیارده کان به گوێره ی شێوازێکی تایبه ت ده رده که وێت. (الخیر ، ٢٠٠٠ ، ص ٢٨٢).  به تێبینیکردن له خشتەی( ٤) بۆمان ڕوون ده بێته وه پارێزگا ی سلێمانی له دیارده ی هاوسه رگیری پلەی یه که می به ده ستهێناوه له ساڵی (٢٠٠٩) به جۆرێك ڕێژەی (٣٩%) ی پارێزگا کانی به ده ستهێناوه، هۆکاری بەرزی ئەم

ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەقامیگری بارودۆخی سیاسی و ئارامی و باشبوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و گوزەرانی دانیشتووانی هەرێم.

خشتەی ژمارە (٤) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی (%) دیاردەی هاوسەرگیری بە گوێرەی یەکەکارگێرییەکان (پارێزگاکان):


| یه كه كارگێرییه كان | دیارده ی هاوسه رگیری | ٢٠٠٩ (%) | دیارده ی هاوسه رگیری | ٢٠٢٣(%) |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٤١٠٤ | ٣٩ | ٢١٦٤٨ | ٤١ |
| هه ولێر | ١٣٦٠٥ | ٣٨ | ١٧٥٤٣ | ٣٣ |
| دهۆك | ٨٢٠٢ | ٢٣ | ١٢٤٩٩ | ٢٤ |
| هەڵه بجه | - | - | ٩٩٠ | ٢ |
| هه رێم | ٣٥٧١١ | ١٠٠ | ٥٢٦٨٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە /كاری تویژەر پشت بەستن بە : ما مەڵە كانی ئه نجامدراو لە دادگاكانی هه رێمی كوردستان له ١/١/٢٠٠٩ تاكو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە ڕێوه بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد وەری هه رێمی كوردستانی عیراق. بە هۆی بە ردە ست نە بوونی داتای هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە دادگای پارێزگای هە ڵەبجە لە ساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٥) ، لەگەڵ داتای پارێزگای سلێمانی هەژماركراوە.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

دوا به دوای ئه ویش پارێزگا ی هه ولێر دێت رێژەی ( ٣٨%)  كۆی پارێزگا كانی  به ده ستهێناوه.
سەبارەت بە پارێزگا ی دهۆك رێژەكه ی كه متره به به راورد به دوو پارێزگا كه ی تر ئه میش (٢٣%)بووه، هۆكاری نزمی ئەم رێژه یه دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ره وشی گوزەران و ئابووری پارێزگا، بەجۆرێک رێژەی بێكاری و هەژاری بەرزە بە بەراورد بە پارێزگاکانی تر. شێوەی (٤). سەبارەت بە كۆتاسالّی توێژینەوەكەمان (٢٠٢٣) پارێزگای سلێمانی هەر لە ئاستی یەكەمدایە و رێژەكەی زیادیكردووه بۆ (٤١%)، بە پێچەوانەوە لە پارێزگای هەولێر ئەم رێژەیە کەمی کردووە بۆ (٣٣%) ، پارێزگای دهۆكیش لەم سالّەدا رێژەی هاوسەرگیری بەرزدەبێتەوە بۆ(٢٤%)،پارێزگای هەڵەبجە بەهۆی گۆرانكاریيە ئیدارییەكان و هەژماركردنی هەردوو رێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی لە سالّانی پێشوو دەبینین رێژەكەی كەمە(٢%)ی كۆی پارێزگاكانی پێكهێناوە لە سالّی (٢٠٢٣) دا.

شێوەی ژمارە (٤)دابەشبوونی ژمارەیی دیاردەی هاوسەرگیری بە گوێرەی یەكەكارگێرییەكان (پارێزگاكان)




سەرچاوە /كاری توێژەر پشت بەستن بەخشتەی(٤).

لە كۆتایی دا تێبینی دەكەین جیاوازییەك لە نێوان پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە رووی هاوسەرگیرییەوە هەیە. ئەمیش بەهۆی ئەو جیاوازییە كە دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگاكان جیاوازە كاریگەری لەسەر ژمارەی هاوسەرگیری دە كات. لەلایەكی ترەوە پارێزگاكان جیاوازیان هە یە لە ئاستی پە رە سە ندنی ئابووری و دابینكردنی هەلی كار كە كاریگەری لەسەر بریاری هاوسەرگیری دەكات ، هەروەها هۆكارە كۆمەلاّيەتییەكان (نە ریتە كانی هە ر ناوچە یە ك ،ئاستی خوێندە واری ،كاریگە ری شارنشینی و گوندنشینی و پێگە ی ئافرەت لە كۆمە لّگادا ).سەرەرای جیاوازی ئایینی و كولتووری و  بارودۆخی سیاسی و ئەمنی،بوونی ئاوارە و پەنابەر لە هەندێک ناوچە كاریگەری لەسەر ئامارەكان دەكات .ئەم جیاوازیانە رەنگدانەوەی سروشتی پێكهاتەی كۆمەلاّیەتی و ئابووری و رۆشنبیری هەر پارێزگایە كن لە هە رێمی كوردستان.

### 2-٢-3: دابەشبوونی ژمارەیی و رێژەیی دیاردەی جیابوونەوە بە گوێرەی پارێزگاكان:

گۆڕانی شوێنی دیاردە جۆراوجۆرەكانی سروشتی و مرۆیی لە پێشەنگی ئەو بابەتانەدایە كە جوگرافیناسان لە ئێستادا گرنگی پێدەدەن، بەتایبەتی دوای ئەو گەشەسەندنی تەكنەلۆژییەی كە لە ماوەی سالاّنی لێكۆڵینەوەدا روویداوە و گەران بەدوای هۆكارە راستەقینەكانیان بە وردبینییەكی زۆر و دیاردەی پەیوەندیدار لە چوارچێوەی كاتی و شوێنیدا. دیاردەی جیابوونەوە یەكێكە لەو كێشە

کۆمەڵایەتیانەی کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ دانیشتوان و کۆمەڵگا بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی باری هاوسەرگیری دانیشتوانە لە هەر کۆمەڵگایەک لە ماوەی دیاریکراودا.

سەبارەت بە دیاردەی جیابوونەوە، لە سەیرکردنی خشتەی(٥)بۆمان دەردەکەوێت، پارێزگای سلێمانی لەساڵی(٢٠٠٩) بە پلەی یەکەم دێت لەنێو پارێزگاکان ڕێژەی جیابوونەوەی(٤٩%)بووە، هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆرترین گرێبەستی هاوسەرگیری لەم پارێزگایە تۆمار کراوە ، هەر بۆیە مەرج نیە هەموو گرێبەستەکانی هاوسەرگیری سەرکەوتوو بێ، بە ڵکو لە کاتی بوونی کێشە و گرفت و نەگەیشتن بە چارەسەر هانا بۆ جیابوونەوە دەبەن . لە بەرامبەردا ئەم ڕێژە یە لە هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لە ساڵی (٢٠٠٩) یەک بە دوای یەک (٤٧% ، ٤%) بووە. هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژەیە زۆربوونی کێشە و گرفتەکانە کاتێک قەبارەی گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان زیاتربوون لە نێو خێزانەکان و ئەو گۆڕانە خێرایەی بەسەر لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژیا داهاتووە، ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەبووە.

سەبارەت بە داتای جیابوونەوە لە ساڵی (٢٠٢٣) وەك لە خشتەكە دا ئاماژەی پێکراوە لە ڕووی ڕێژە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان جیابوونەوە کەمی کردووە بە پێچەوانەوە لە ڕووی ژمارەوە هەموو پارێزگاکان ژمارەی جیابوونەوە یان هەڵکشاوە. ڕێژەکە لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەکەیان یەك بە دوای یەك لە( ٤٠% - ٤٣%) بووە.بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری (ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری)،کاریگەری هەبووە لە کەمکردنەوەی دیاردەی جیابوونەوە لەم دوو پارێزگایەدا.


خشتە ی ژمارە (٥) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی (%)دیاردەی جیابوونەوە بەگوێرەی یەکە کارگێرییە کان (پارێزگا کان):

| یەکە کارگێرییە کان | دیاردە ی جیابوونە وە | ٢٠٠٩ (%) | دیاردە ی جیابوونە وە | ٢٠٢٣ (%) |
|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١٨٠٢ | ٤٩ | ٥٤٣٨ | ٤٠ |
| هە و لێر | ١٧٠٢ | ٤٧ | ٥٨٥٧ | ٤٣ |
| دهۆك | ١٤٧ | ٤ | 2164 | ١٦ |
| هە ڵە بجە | - | - | ١٢٤ | ١ |
| هە رێم | ٣٦٥١ | ١٠٠ | ١٣٥٨٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستن بە: بە ما مە لە کانی ئە نجامدراو لە دادگاکانی هە رێمی کوردستان لە ١/١/٢٠٠٩ تاکو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە ڕێوە بە ریە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و وەری هە رێمی کوردستانی عیراق.

بە پێچەوانەوە لە پارێزگای دهۆك ڕێژەی جیابوونەوە بەشێوەیەکی چەند جار زیادیکردووە کە لە (١٦%) بووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩)دا وەك لە شێوەی (٥) دیارە. هۆکارە کۆمەڵایە تییەکان بە پلەی یەکەم دێن بۆ جیابوونەوە بە هۆی نە گونجانی نێوان هاوسە رەکان بە تایبە تی چینی گەنجان بە هۆی پێداگری ژنان لە ماڵێکی سەربەخۆ و تێچووی زۆری هاوسەرگیری کردن بەهۆی شێوازی مۆدێرنەوە . سەرەڕای هۆکارە ئابووریە کانی وەکو دۆخی دارایی هاوسەرا ن و هۆکارە تەکنە لۆژیە کان لە فاکتەرە سە رە کیە کانن، لەکۆتایی دا ئە مە خاڵێکی نیگە رانکە رە بۆ ئاسایشی کۆمە ڵایە تی لە هە رێم. بەپێی ئەم داتایانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەرج نیە لە هەموو ماوە و قۆناغێك هەمان ئەو فاکتەرانە ڕۆڵ ببینن لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، بەڵکو لەوانەیە لە قۆناغێك دا فاکتەرێکی زاڵ هەبێت بەڵام لە قۆناغێکی دیکەدا بەهۆی دەرکەوتنی فاکتەرێکی دیکە ئەو فاکتەرە ڕۆڵەکەی کەمتربێتەوە.

شێوەی ژمارە (٥)دابەشبوونی ژمارەیی دیاردەی جیابوونەوە بەگوێرەی یەکە کارگێرییە کان (پارێزگا کان):




سەرچاوە /کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی(٥).

**٣-٣: دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی (%) هاوسە رگیری و جیابوونەوە لە پارێزگا ی هەولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣):.**

توێژینەوە لە دابەشبوونی دیاردەی هاوسە رگیری و جیابوونەوە لەسەر ئاستی پارێزگا ی هە ولێر ، گرنگی زیاتر بە توێژینەوەکە دەدات بە مەبەستی زانینی ڕادەی گۆڕانکاری لە دیاردەی هاوسە رگیری و جیابوونەوە . چونکە قەبارە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێکهاتەی ڕەگەز و تەمەنی دانیشتوان و سیستەمی کۆمەڵایەتی باو و ئەو بارودۆخە ئابوورییەی کۆمەڵگا پێیدا تێدەپەڕێت . هاوسەرگیری پرۆسەیە کە لە هەموو جیهاندا و لە هە موو سە ردە مێکدا بوونی هە بووە و هەموو ئایینە ئاسمانییەکان پێداگیریان لەسەر کردووە و گرنگی خۆیان پێداوە، هەر کۆمەڵگەیەك ئەگەر هاتوو پرۆسەی هاوسەرگیری تیادا زۆر بێت، ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییە وە بە کۆمە ڵگا یە کی سە قامگیر و ئارام ناو زەند دەکرێت.

جیابوونەوە یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کاریگەری لەسەر پێکهاتەی دیمۆگرافیای دانیشتووان هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی وەستانی ژیانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگادا، بۆیە توانای بەخێوکردنی دانیشتووان کەم دەبێتەوە لەو کۆمەڵگایانەی ڕێژەی جیابوونەوەیان زۆرە.(السعدي،

١٩٨٠،ص٣٢).هەروەها کۆتایی هێنان بە گرێبەستی هاوسەرگیری کاریگەری دەبێت لەسەر پەرتبوونی خێزان و گۆڕان لە ژمارە و پێکهاتەکەی ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژمارەی دانیشتوان هەیە چونکە پرۆسەی وەچەخستنەوە ڕادەگرێت ئەمەش لەکۆتاییدا کۆمەڵە ئەنجامێکی نەرێنی لەکۆمەڵگا لێ دەکەوێتەوە (علي، ١٩٨٥،ص٣٧٨).

بە پێی ئەو ئامارە فەرمیانەی لە بەردەست دایە سەبارەت بە پارێزگای هەولێر لەماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)بۆمان ڕوون دەبێتەوە ڕێژەی هاوسەگیری و جیابوونەوە بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی زۆری بە خۆوە بینیوە، بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٩) ژمارەی هاوسەرگیری(١٣٦٠٥)کەس و بە ڕێژەی(٥,٣%)بووە ،لە بەرامبەردا ژمارەی جیابوونەوە لە هەمان ساڵدا(١٧٠٢)کەس و بە ڕێژەی (٣/٤٨%)بووە.(خشتەی ٦). بەڵام لەساڵی(٢٠١٠)ژمارەی هاوسەرگیری بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوەو گەیشتۆتە(١٥٠٢٢)کەس و بە ڕێژەی (٦%)بووە، لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە چاو ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیە کی زۆر بە ڕچاو زیادی کردووە بەتایبەتی بە پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و دەرفەتی کاری زیاتر و باشبوونی بژێوی ژیان، حکوومەتیش بۆ هەر گرێبەستێکی هاوسەرگیری سولفەی پێنج ملیۆن دیناری عێراقی پێشکەش دەکرد، ئەمە جگە لە پێشینەی خانووبەرە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدارییان کردووە لە هاندانی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، ژمارە ی جیابوونە وە ش لە هە مان ساڵدا زیادیکردووە بۆ(١٩١٨) کەس بە ڕێژەی (٤%)بووە.

بەرزبوونەوەی ڕێژەی گرێبەستی هاوسەرگیری هەنگاوێکی دڵخۆشکەرانەیە،دووبارە ژمارەی هاوسەرگیری لە پارێزگای هەولێر بە شێوەیە کی بەرچاو زیادیکردووە لە ساڵە کانی (٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣،٢٠١٤) یە ك بە دوای یە ك (٧,٤%، ٨%، ٧,٢%، ٧%) لە شێوەی(٦) ڕوونکراوەتەوە. زۆربە ی خێزانە کان بۆ پاراستنی کوڕ و کچە کانیان زوو پرۆسەی هاوسە رگیریان بۆ ئە نجام دە دە ن بۆ ئە وە ی تووشی کێشە ی کۆمە ڵایە تی نەبن، چونکە کۆمەڵگا ی ئێمە لەم قۆناغە ی ئێستادا بە دە ست ڕێژە یە کی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتییە کانە وە دە ناڵێنێت و دە توانم بڵێم تاکە کان بە شێکی زۆریان نوقمی کێشە و گیرو گرفتە کان بوون، هۆکارەکەشی بە پلەی یەکەم بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن هەر بۆیە بۆ پاراستنی خۆیان لەم کێشانە کوڕ و کچە کانیان زوو دە خەنە ناو ئە م پرۆسە ی هاوسە رگیرییە وە . لە لایەکی تریشەوە ڕێژە یە کی بە ڕچاو لە گە نجە کان ڕوودە کە نە ناو ژیانی هاوسە رگیرییە وە ئەوکە سانە دە یانە وێت لە ڕووی دە روونیە وە بە ئارامی بژین و تووشی قەیرانی جۆراوجۆر نەبن . چونکە دروستبوونی قەیران وکێشە وگیروگرفتە دەروونییەکان لە زۆربە ی حالە تە کانی وەك گۆشە گیری و نائارامی دە روونی لە کاتی تەنیایی دا بە بە ردە وامی ڕوو لە زیادبوون دە کەن. چونکە هاوسەرگیری کردن بۆئەوەیە لەتەنیایی ڕزگاربێت بەڵام دواتر هەست بە تەنیایی تر دەکات دەکات کاتێك جیابوونەوە ڕوودەدات.فاکتەرێکی دیکەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری ئەوەیە هەرکەسێک گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدات، سزا دەدرێت بە غەرامەکردن کە لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە سێ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و زیندانیکردن بۆ ماوەی سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر هاوسەرگیرییەکی دیکە لە دەرەوەی دادگا ئەنجام بدرێت .(البزاز، ٢٠١٠،ص٢٣). بۆیە داتاکانی هاوسەرگیری ساڵ لە دوای ساڵ لە هەڵکشاندایە.ئەمە جگە لەوەی هۆشیاری خەڵك لەکاتی ئێستادا زیاتربووە لەسەر تۆمارکردنی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری لەدادگاکان.

به هەمان شێوە ڕێژەی جیابوونە وە زیادیکردووە لە هەمان ئەو ماوەیەدا (٢٠١٢،٢٠١٣،٢٠١٤،٢٠١١) بۆ ڕێژەی (٤%، ٥,٧%٥,٦%، ٥% )، لە لایە کی ترە وە لە دوای ساڵی (٢٠١٤)و کۆتایی هاتنی شەڕی داعش دووبارە ژمارەی هاوسەرگیری گۆڕانکاری بەسەردادێت بەجۆرێك لەساڵی(٢٠١٥-٢٠٢٠)ژمارەی هاوسەرگیری کە می کردووە و ڕێژەکانیان لە نێوان (٦ %بۆ٦/٦ %) بووە. جگە لە هۆکاری ئابووری کە فاکتەری سەرەکی کەم بوونی ڕێژەی هاوسەرگیرییە لە لایەن گەنجانەوە. بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و هۆشیاری تاکەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری و پەیوەندییەکان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن دەبێتە دواکەوتنی هاوسەرگیری، چونکە گەنجان مەیلیان هەیە سەرەتا خوێندنیان تەواو بکەن پێش ئەوەی بڕیاری هاوسەرگیری بدەن. لێرەدا خاڵێك هەیە پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش ئەوەیە، هۆکاری سەرەکی بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە زیادبوونی گرێبە ستی مارە برینە ، بە رزبوونە وە ی ڕێژە ی دانیشتوان کارێکی زۆری کردۆتە سەر زیادبوونی گرێبەستی هاوسەرگیری،چونکە ئێستا لە پارێزگای هەولێر ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوان نیشتەجێبوونە بە بە راورد بە چە ند ساڵی ڕا بردوو ڕێژەی دانیشتوان بە شێوە یە کی زۆر خێرا و چاوەڕوان نەکراو بە رزبۆتە وە، شتێکی ڕوون و ئاساییە شانبە شانی بە رزبوونەوە ی ژمارەی دانیشتوان گرێبە ستە کانی هاوسە رگیری ژمارەیان بە رزبێتە وە.

خشتە ی ژمارە (٦)دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی (%) هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە پارێزگا ی هە ولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)


| ساڵە کان | ژمارە ی هاوسە رگیری | (%) | ژمارە ی جیابوونە وە | (%) |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ١٣٦٠٥ | ٥,٣ | ١٧٠٢ | ٣,٤ |
| ٢٠١٠ | ١٥٠٢٢ | ٦ | ١٩١٨ | ٤ |
| ٢٠١١ | ١٨٥٦٥ | ٧,٤ | ١٩١٠ | ٤ |
| ٢٠١٢ | ٢٠٢٧٥ | ٨ | ٢٨١٠ | ٥,٧ |
| ٢٠١٣ | ١٨٣٥٤ | ٧,٢ | ٢٧٦٠ | ٥,٦ |
| ٢٠١٤ | ١٧٠٤٤ | ٧ | ٢٤٢٤ | ٥ |
| ٢٠١٥ | ١٦١٨٣ | ٦,٤ | ٣٠٢٤ | ٦,١ |
| ٢٠١٦ | ١٥٩٤٠ | ٦,٣ | ٢٦٦٥ | ٥,٤ |
| ٢٠١٧ | ١٤٦٢٨ | ٥,٧ | ٢٨٨٥ | ٦ |
| ٢٠١٨ | ١٥٠٢٥ | ٥,٩ | ٣٥٩٨ | ٧,٣ |
| ٢٠١٩ | ١٥٧٢٦ | ٦,٢ | ٤٣٥٧ | ٩ .٨ |
| ٢٠٢٠ | ١٦٨٠٣ | ٦,٦ | ٣٢٦١ | ٦,٦ |
| ٢٠٢١ | ١٨٩٦٤ | ٨ | ٤٠٤٣ | ٨ |
| ٢٠٢٢ | ١٩٠١٩ | ٧ | ٥٦٤٥ | ١٢ |
| ٢٠٢٣ | ١٧٥٤٣ | ٧ | ٥٨٥٧ | ١٢ |
| کۆی گشتی | ٢٥٢٦٩٦ | ١٠٠ | ٤٨٨٥٩ | ١٠٠ |


سەرچاوە /کاری توێژەر پشت بەستن بە: ما مە لە کانی ئە نجامدراو لە دادگاکانی هە رێمی کوردستان لە ١/١/٢٠٠٩ تاکو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە ڕێوە بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و وەری هە رێمی کوردستانی عیراق.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

شێوەی ژمارە(٦) دابەشبوونی قەبارەی هاوسە رگیری و جیابوونەوە  لە پارێزگا ی هە ولێر لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣).




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بە ستن بە خشتەی(۶).

لە بەرامبەریش دا لە هەمان ماوەدا (٢٠٢٠-٢٠١٥) ڕێژەی جیابونە وە زیادیکردووە و ڕێژەکانیان لە نێوان (٥,٤% - ٨,٩%) بووە، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (کۆڤید١٩) کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگا بەگشتی ئەمەش بە تایبەتی لە لایەنی ئابووری و نەبوونی هەڵی کار وایکرد زۆربەی خێزانەکان پەنابەنە بەر جیابوونەوە .کەچی لە ماوەی ساڵانی (٢٠٢١، ٢٠٢٢ ، ٢٠٢٣) ڕێژە و ژمارەی هاوسەرگیری بەرزبۆتەوە بۆ بەرزترین ئاست لە نێوان (٧%  -٨%) دایە.هۆکاری بەرزی ئەم ڕێژە یە لە لایەکەوە بۆ سەقامگیری بارودۆخی سیاسی و باشبوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە کەوا دەکات خێزانەکان هانی گەنجەکان بدەن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن و زیاتر پابەندن بە نەریتەکانەوە. بە هەمان شێوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٢٢ -٢٠٢٣) ڕێژەی جیابوونەوە زۆر هەڵکشاوە کە لە(١٢%) بووە. هۆکاری زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوە زۆربوونی ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری  و هۆکاری ئابووری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، سەرەڕای هۆکارەکانی تر کەوا دەکات خێزانەکان لێك بترازێن و جیابوونەوە ڕوودات.

**4-1:    دابەشبوونی قەبارەی و ڕێژەی(%)هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە پارێزگا ی سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣).:**

هاوسەرگیری پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە کە پەیوەستە بە بەشداریکردن و کارلێکی ئەرێنی نێوان هەردوو لایەن، ژن و مێرد. خێزان لە چوارچێوەی سووڕی ژیاندا تاقیدەکرێتەوە هیچ قۆناغێک لە ژیانی هاوسەرگیریدا نییە کە دوور بێت لە ئەگەری ڕوودانی کێشە و گرفت و  قەیرانەکان ، هەندێك جار

دەست وەردانی ناوخۆیی یان دەرەکی ڕوو دەدات کە کار لە پەیوەندی نێوانیان دەکات و لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوەیان. لە سەیرکردنی خشتەی (٧) بۆمان دەردەکەوێت پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠١٩ -٢٠٢٣ )دابەرزترین ڕێژەی هاوسەرگیری تۆمارکراوە لە نێوان(٧%-٩%) بووە گەر بەراوردی بکەین بە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم.


هۆکاری زۆربوونی ژمارەی هاوسەرگیری لە سلێمانی دەتوانێت چەندین فاکتەری جیاواز لە خۆبگرێت لەوانە گۆڕان لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کەمبوونەوەی پابەندبوون بە یەکجار هاوسەرگیری کردن و زیادبوونی هاوکاری خێزانەکان بۆ جیابوونەوە لە حاڵەتی ناتەباییی ئەمەش بەهۆی ئەوەی سلێمانی شارێکی ڕۆشنبیری و مۆدێرنترە بۆ گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان کراوەترە.کچان داواکارییەکانیان بۆ هاوسەرگیری کردن کەمترە بە مارەیەکی کەم ئامادەن شووبکەن، تەنها ماڵی جیایان هەبێت. لە هەمان کاتدا ئازادی زیاتریان هەیە و ئاستی خوێندەواری ژنان بەرزترە و بەشداریکردنیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی زیاترە. لە شێوەی ( ٨) دیارە کەمترین ڕێژەی هاوسەرگیری لە ساڵی (٢٠١٦) ڕێژەی (٣%) بووە. گۆڕانکاریە ئابوورییەکان قەیرانی ئابووری و کەمی دەرفەتی کار و نەهامەتی ژیان و گرانی و نەتوانینی پیاوان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزان و فشاری داراییی لەسەر خێزانەکان لە سلێمانی زیاترە ئەم جیاوازیانە پێکەوە کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی هاوسەرگیری هەیە بۆ نموونە تێچووی زۆری ژیان و توانای دابینکردنی پارە هاوسەرگیری سنووردار بکات، ئەمە ش دە بێتە هۆی دواکەوتنی هاوسەرگیری بۆ هەندێک کە س. لە لایەکی تروە پێشهاتە سیاسیەکان و شەڕ و قەیرانی ئابووری و کۆچبەری ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری.


خشتە ی ژمارە (٧)دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی(%)هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە پارێزگا ی سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)

| ساڵە کان | ژمارە ی هاوسەرگیری | ڕێژە | ژمارە ی جیابوونە وە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ١٤١٠٤ | ٦ | ١٨٠٢ | ٤ |
| ٢٠١٠ | ١٢٧٥٩ | ٦ | ٢٤٣٠ | ٤,٨ |
| ٢٠١١ | ١٤٦٤٢ | ٦,٤ | ١٣٣٩ | ٢,٦ |
| ٢٠١٢ | ١٥٩١٧ | ٧ | ٢٠٣٥ | ٤ |
| ٢٠١٣ | ١٤٩١١ | ٦,٦ | ٣٦٨٧ | ٧ |
| ٢٠١٤ | ١٣٨٢١ | ٦ | ٤٠١٢ | ٨ |
| ٢٠١٥ | ١٣١٧٢ | ٦ | ٣٨٥٥ | ٧,٦ |
| ٢٠١٦ | ٥٨٩٧ | ٣ | ١٨٨٩ | ٣,٧ |
| ٢٠١٧ | ١٢٩٨٨ | ٦ | ١٣٦٠ | ٢,٧ |
| ٢٠١٨ | ١٣٨٣٦ | ٦ | ٤٠٨٥ | ٨ |
| ٢٠١٩ | ١٥٦٩٨ | ٧ | ٤٨٥٩ | ٩,٦ |
| ٢٠٢٠ | ١٥٨٦٢ | ٧ | ٣٠٠٢ | ٦ |
| ٢٠٢١ | ٢٠١٤٧ | ٩ | ٤٧٦٧ | ١٠ |
| ٢٠٢٢ | ٢١١٦٤ | ٩ | ٥٥٣٣ | ١١ |
| ٢٠٢٣ | ٢٠٤٢٧ | ٩ | ٥٤٣٨ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٢٢٥٣٤٥ | ١٠٠ | ٥٠٠٩٣ | ١٠٠ |

سەرچاوە /کاری توێژەر پشت بەستن بە: ما مە ڵە کانی ئە نجامدراو لە دادگاکانی هە رێمی کوردستان لە ١/١/٢٠٠٩ تاکو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە رێوە بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و وەری هە رێمی کوردستانی عیراق.

شێوەی ژمارە(٧)دابەشبوونی قەبارەیی هاوسە رگیری و جیابوونەوە لە پارێزگا ی سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بە ستن بە خشتەی(٧).

بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوەلە شاری سلێمانی لەماوەی سالآنی(٢٠٢١-٢٠٢٣)ڕێژەکەی گەیشتۆتە(١٠%-١١%) ، بە لآم نزمترین ڕێژەی جیابوونە وە لە ساڵی (٢٠١١) ڕێژەی (٢,٦%) بووە. هۆکارە کان بە پێی ریز بەندیان کە لە نێو کۆمەڵگای ئێمەدا بوونە تە هۆی کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوسەرێتی بریتین لە (هۆکاری ئابووری، نە گونجان لەگەڵ یە کتر و نەبوونی ماڵی جیا، هۆکاری کۆمەڵایەتی ، خیانەتی هاوسەری ، سەرەڕای ئامرازە کانی تە کنەلۆجیای سەردە م وە ك موبایل و ئینتەرنێت بە هۆی گەشەسە ندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاوە ئە مە ش کێشە ی دروست کردووە و بۆتە هۆی دڵپیسی و گومان. لەلایەکی ترەوە گۆڕانی کۆمەڵگای شارنشینی و گۆڕانی شێوازی ژیان و کەمبوونەوەی ڕۆڵی کۆمەڵگا لە چارەسەرکردنی کێشەکان، تێنەگەیشتنی کوڕ و کچ لەیەکتر پێش هاوسەرگیری و نەناسینی یەکتر بە تەواوی) وادەکات جیابوونەوە ڕوودات.

لەکۆتاییدا دیاردەی هاوسەرگیری بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و ئایینییە کە کارلێک لەگەڵ یەکتردا دەکەن . جیابوونەوە بە تێکدانی پەیکەری کۆمەڵگا بە

گشتی و خێزان بە تایبەتی دادەنرێت و لە ژێر ڕۆشنایی ئەم نیشاندەرانەی کە ئاماژەن بۆ ڕێژەی بەرزی ئەم دیاردەیە بۆ دانیشتوانی پارێزگاکە، دەکرێت ئەمە بەگشتی لە ڕێگەی گۆڕینی بارودۆخی ماددی و ئەخلاقی و گۆڕینی ژیانی دانیشتوان و مۆدێرنتەوە بێت.

**4-2: دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی(%) هاوسە رگیری و جیابوونەوە لە پارێزگای دهۆك لە ماوەی نێوان سالانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣):.**

توێژینەوە لە دابەشبوونی دیاردەی هاوسە رگیری و جیابوونە وە لەسەر ئاستی پارێزگا ی دهۆك گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونمان لەبەر چاوبێت سەبارەت بە دیاردەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان. دیاردەی هاوسەرگیری لە پارێزگا ی دهۆك لە سەیرکردنی خشتەی (٨) دا دەبینین ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە بە بەراورد بە پارێزگاکانی تر کەمترە. بە جۆرێك کەمترین ڕێژەی هاوسەرگیری لە ماوەی نێوان سالانی (٢٠٠٩-٢٠١٠) لە نێوان (٥% - ٦٫٦%) بووە. هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ جگە لە زۆربوونی ژمارەی هاوسەرگیری، ژمارەی جیابوونەوە لە هەندێ حالەتدا زیادی کردووە. هۆکارەکەشی بۆ کەمی ژمارەی دانیشتوان و بچووکی ڕووبەرەکەی و کۆمەڵێك هۆکاری بەیەکداچووی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. پرۆسەی هاوسەرگیری لە پارێزگاکەدا ئاستەنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی زۆری بۆ دروست دەبێت، کاریگەری داب و نەریتی کۆن و تێچووی زۆری مارەبڕین (مارەیی) بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر وادەکات گەنجان کەمتر بیر لە هاوسەرگیری کردن بکەنەوە یاخود دەبێتە هۆی دواکەوتنی هاوسەرگیرییان. کەمتر تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی پارێزگاکانی دیکەی هەرێم ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ کەمی ڕێژەی هاوسەرگیری بە بەراورد بە پارێزگاکانی دیکە. لە لایەکی ترەوە لە ماوەی نێوان سالانی (٢٠٢٠- ٢٠٢٣) ڕێژەی هاوسەرگیری بەرزترین ڕێژە تۆمار دەکات لە پارێزگاکەدا (٧% -٨%) بووە ، هاوسەرگیری لە دهۆک لەم سالانەی دواییدا بە گشتی بەهۆی چەندین هۆکاری ئابووری ،کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە زۆربووە. لەوانە گۆڕانی سیستەمی نەریتی خێزانی و کەمبوونەوەی فشاری خێزان لەسەر هەڵبژاردنەکانی کچان بۆ هاوسەرگیری و کاریگەری میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ کولتووره جیاوازەکان بەهۆی کۆچکردن و پەیوەندیەکانەوە، سەرەڕای هۆکارە ئابوورییەکان و ئاسانبوونی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوسەرگیری و زیادبوونی دەرفەتەکانی کار بۆ ژنان. هۆکارە کولتوورییەکان گۆڕانی نەریتە کۆنەکان سەبارەت بە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری و خوێندەواری کچان و کاریگەری شارنشینی لەسەر نەریت و بەهاکان کە پشتگیری لە هاوسەرگیری دەکەن لەکاتی خۆیدا.


خشتە ی ژمارە (٨) دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەی (%) هاوسە رگیری و جیابوونە وە لە پارێزگا ی دهۆك لە ماوەی نێوان سالانی(٢٠٠٩-٢٠٢٣):.


| سالە کان | ژمارە ی هاوسە رگیری | ڕێژە | ژمارە ی جیابوونە وە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٨٢٠٢ | ٥ | ١٤٧ | ١ |
| ٢٠١٠ | ٨٨٤١ | ٥,٢ | ٦٥٩ | ٤ |
| ٢٠١١ | ١١٤٤٦ | ٦,٨ | ٧١٢ | ٤ |
| ٢٠١٢ | ١٢٨٤٩ | ٧,٦ | ٩١٤ | ٥ |
| ٢٠١٣ | ١٣٣٧٠ | ٨ | ١٠٠٢ | ٥,٤ |
| ٢٠١٤ | ١٠٩٩٣ | ٦,٥ | ١١٠٣ | ٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **٢٠١٥** | ١٠٢٤٧ | ٦,١ | ٩٤٥ | ٥ |
| **٢٠١٦** | ٩٣٤٦ | ٥,٥ | ١٢٦١ | ٧ |
| **٢٠١٧** | ٩٨٩١ | ٥,٨ | ١٣٨٤ | ٧,٤ |
| **٢٠١٨** | ١٠٩٠٢ | ٦,٤ | ١٥٠٩ | ٨,١ |
| **٢٠١٩** | ١١٠٨١ | ٦,٦ | ١٦٦٧ | ٩ |
| **٢٠٢٠** | ١١٧٤٥ | ٧ | ١٣٠٣ | ٧ |
| **٢٠٢١** | ١٣٤٤١ | ٨ | ١٧٩٦ | ١٠ |
| **٢٠٢٢** | ١٢٩٦٧ | ٨ | ١٩٩٢ | ١٠ |
| **٢٠٢٣** | ١٢٤٩٩ | ٧,٤ | ٢١٦٤ | ١١ |
| **كۆی گشتی** | ١٦٧٨٢٠ | ١٠٠ | ١٨٥٤٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە /كاری توێژەر پشت بەستن بە: ما مە ڵە كانی ئە نجامدراو لە دادگاكانی هە رێمی كوردستان لە ١/١/٢٠٠٩ تاكو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە رێوە بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و ەری هە رێمی كوردستانی عیراق.

شێوەی ژمارە (٨)دابەشبوونی قەبارەیی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە پارێزگا ی دهۆك لە ماوەی نێوان سالآنی(٢٠٠٩-٢٠٢٣)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی(٨).

سەبارەت بە ژمارە و ڕێژەی جیابوونەوە لە پارێزگاکەدا یەکسان نەبووە، ئامارەکان دەریانخستووە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٩- ٢٠١٣) ڕێژەکە لە نێوان( ١%- ٥,٤%) بووە ئەمەش نزمترین ڕێژە بووە. بارودۆخی دارایی و ئابووری لە پارێزگاکە و هەموو کوردستان زۆرباش بوو هەروەها سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵی خۆی هەبووە لە نزم بوونەوەی دیاردەکە. بە پێچەوانەوە ڕێژەی جیابوونەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە بە جۆرێک لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤- ٢٠١٨) ڕێژەی( ٦% - ٨,١%)بووە. هەروەها ڕێژەی جیابوونەوە بەردەوام بووە لە بەرزبوونەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ( ٢٠١٩- ٢٠٢٣) بە ڕێژەی ( ٧% -١١%) بووە لە شێوەی (٨) ڕوون کراوەتەوە.

هۆکارەکانی پشت ئەم ڕێژە بەرزانەی جیابوونەوە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ:

١- هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و دەست بەسەرداگرتنی موسڵ و بەشێکی خاکی هەرێم کوردستان و دواتریش پەلاماردانی هەرێمی کوردستان و لە ڕووی ئابوورییەوە هەرێمی ڕووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر کردەوە. ٢- نەبوونی پرۆژەی ستراتیژی گرنگ کە هەڵی کار بڕەخسێنێت بۆ خەڵکی پارێزگاکە.

٣- گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی لە نێو چینی گەنجان ،نە بوونی شوێنی نیشتە جێ بوون یەکێکە لە و هۆکارانەی کە کۆسپی گە ورە دروست دە کات لە بە ردە م ژیانی هاوسە راندا بە تایبە ت ئە وانە ی تازە ژیانی هاوسە ریان پێك هێناوە.

٤ -بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە کاریگەرییەکی تاقەت پڕوکێنەری هەبوو لەسەر خەڵکی هەرێم و پارێزگاکە چونکە لەم ماوەدا حکوومەتی هەرێم نەیدەتوانی

پارەی مووچە خۆران بدات و سیستەمی چارەگە مووچە جێبەجێ کرا. ئەم دۆخە کاریگەرییەکەی نەك لەسەر مووچە خۆران هەبوو بەڵکوو لەسەر بازاڕ و کار و گشت کۆمەڵگا ڕەنگی دایەوە بە جۆرێک خێزانەکانی ڕووبەڕووی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی کردەوە.

**٤-٣: دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی(%)هاوسە رگیری و جیابوونەوە له پارێزگا ی هەڵەبجە لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٦-٢٠٢٣):.**

توێژینەوە لە دابەشبوونی دیاردەی هاوسە رگیری و جیابوونە وە لەسەر ئاستی پارێزگا ی هەڵەبجە گرنگی خۆی هەیە بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییە ئیدارییەکان و هەژمارکردنی داتاکان لەگەڵ پارێزگا ی سلێمانی ناتوانین داتای هەموو ساڵەکان شی بکەینەوە. بۆیە تەنها پشتمان بە چەند ساڵێك بەستووە بەمەبەستی زانینی ژمارە و ڕێژەی دیاردەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە لە پارێزگاکەدا. سەبارەت بە داتای هاوسەرگیری لە ساڵی (٢٠١٦) (٧٢٦) کەس و بە ڕێژەی ( ١٠%) بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٩) دەبینین ڕێژەکە زیادیکردووە بۆ (٩٣٥) کەس و بە ڕێژەی (١٢٫٨%) بووە . بەرزترین ڕێژەی هاوسەرگیری لە پارێزگاکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی( ٢٠٢٠- ٢٠٢٣) بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠٢١)گەیشتە (١٠٢٨) کەس و بە ڕێژەی(١٤٫١%) بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوە شێوەی (٩). ئەم فاکتەرانەی ڕۆڵیان هەبووە لە بەرزبوونەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەم پا رێزگایەدا سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی لە زۆربەی بوارەکاندا ڕوویانداوە بەڵام هەتاکو ئێستا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پارێزگاکەدا بەهێزە و هانی گەنجان دەدەرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان و زۆری وەچە خستنەوە. لە لایەکی ترەوە پەیوەست بوونی خەڵکی پارێزگاکە بە ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، وەك ژنهێنان و زوو شووکردن و فرەژنی بە تایبەتی لە گوندە کاندا، چونکە لە گوندە کان هۆکاری ئابووری کەمتر دە بێتە ڕێگر لە بە ردەم پرۆسەی هاوسە رگیریدا بە هۆی سادە یی پێداویستییە سە رە کییە کانی ژیانە وە. بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لەم دیاردەیە، کۆمەڵگا دەتوانێت میکانیزمێکی گونجاوتر بۆ پاراستنی پێکهاتەی خێزان و کەمکردنەوەی زیانەکانی جیابوونەوە پەرە پێبدات.سەبارەت بە جیابوونەوە لە ساڵی (٢٠٢٠- ٢٠٢١) کەمترین ڕێژە و ژمارەی جیابوونەوەی تیادا تۆمارکراوە یەك بە دوای یەك (٤٫٤% - ٢٫٧%) بووە. بە پێچەوانەوە بەرزترین ڕێژەی جیابوونەوە لە ساڵەکانی ( ٢٠١٧، ٢٠١٩، ٢٠٢٢) یەك بەدوای یەك ڕێژەی ( ١٨%، ١٧% ، ١٩%) بووە.

خشتەی ژمارە (٩)دابەشبوونی قەبارەیی و ڕێژەیی(%)هاوسە رگیری و جیابوونەوە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ماوەی نێوان ساڵانی(٢٠١٦-٢٠٢٣)


| ساڵە کان | ژمارە ی هاوسە رگیری | ڕێژە | ژمارەی جیابوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٦ | ٧٢٦ | ١٠ | ١١٧ | ١٣٫٢ |
| ٢٠١٧ | ٨٢١ | ١١٫٣ | ١٥٨ | ١٨ |
| ٢٠١٨ | ٨١٤ | ١١٫٢ | ١٠٢ | ١١٫٥ |
| ٢٠١٩ | ٩٣٥ | ١٢٫٨ | ١٤٧ | ١٧ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥٨ | ١٣٫٢ | ٣٩ | ٤٫٤ |
| ٢٠٢١ | ١٠٢٨ | ١٤٫١ | ٢٤ | ٢٫٧ |
| ٢٠٢٢ | ٩٧٨ | ١٣٫٤ | ١٦٩ | ١٩٫٢ |


| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٢٣ | ٩٩٠ | ١٤ | ١٢٤ | ١٤ |
| **کۆی گشتی** | ٧٢٥٠ | ١٠٠ | ٨٨٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە /کاری توێژەر پشت بەستن بە: ما مە ڵە کانی ئە نجامدراو لە دادگاکانی هە رێمی کوردستان لە ١/١/٢٠١٦ تاکو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە رێوە بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و ەری هە رێمی کوردستانی عیراق.

لەکۆتاییدا فاکتەرەکانی جیابوونەوە (تەڵاق) لە پارێزگای هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانە ئابوورییەکان هەژاری و کێشەی دارایی، چونکە فشارە داراییەکان کاریگەریيان لەسەر سەقامگیری پەیوەندی هاوسەرگیری هەیە.لە لایەکی ترەوە جیاوازی لە ئاستی پەروەردە و کولتوور و فشاری کۆمەڵایەتی بۆ منداڵبوون و نەبوونی منداڵ هۆکارێکی ترە. هۆکاری ئایینی و یاسایی نەزانینی مافە شەرعی و یاسایەکان و ئاسانی بڕیاردانی تەڵاق لە کولتووری ئێمەدا فاکتەرێکی ترن کە بۆتە هۆی زۆربوونی رێژەی جیابوونەوە ئەمەش کاریگەری مەترسیداری بۆ سەرتاکی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، چونکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و بەدوای یەکداهاتنی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی.

شێوەی ژمارە(٩) دابەشبوونی قەبارەیی هاوسە رگیری و جیابوونەوە لە پارێزگای هەڵەبجە لە ماوەی نێوان سالانی(٢٠١٦-٢٠٢٣)




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەستن بە خشتەی(٩).

**٣- بەشی پێنجەم: دەرئەنجام و پێشنیار و لیستی سەرچاوەکان**

**٥-١ دەرئەنجام**

- سە بارە ت بە گە شە ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی گەورە بە سە رقەبارە ی دانیشتوان دا هاتووە بە جۆرێك لە ماوەی نێوان ساڵانی( ٢٠٠٩ -٢٠٢٣)، ژمارەی دانیشتوان لە (٤,٥٧١,٤٠٨) کە سە وە لە ساڵی (2009) زیادی کردووە بۆ ( ٦,٥٥٦,٧٥٢) کە س لە ساڵی (٢٠٢٣) واتە بە جیاوازی ژمارە ی ڕەهای (١٩٨٥٣٤٤)کە س و بە ڕێژە ی گە شە ی ساڵانە ی (٢,٦١%) .
- گە شە ی دانیشتوان لە ماوە ی ساڵانی (٢٠١٥ -٢٠٢٣) کە ی کردووە بە جیاوازی ڕەهای (١٠٨٤٣١٦) هە زارکە س و بە ڕێژە ی گە شە ی ساڵانە ی (٢/٢٩%).
- سەبارەت بە دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی پارێزگا ی سلێمانی لە دیاردە ی هاوسە رگیری پلە ی یە کە می بە دە ستهێناوە لە ساڵی (٢٠٠٩) ڕێژەی (٣٩%) بووە، دوا بە دوای ئە ویش پارێزگا ی هەولێر دێت ڕێژەی لە( ٣٨%) بووە . پارێزگا ی دهۆك ڕێژەکە ی کە مترە بە بە راورد بە دوو پارێزگاکە ی تر ئە میش (٢٣%)بووە.

- له ساڵی (٢٠٢٣) پارێزگای سلێمانی له هاوسەرگیری هەر له ئاستی یەکەمدایه و ڕێژەکەی زیادیکردووه بۆ (٤٠%)، به پێچەوانەوه له پارێزگای هەولێر ئەم ڕێژەیه کەمی کردووه بۆ (٣٤%) ، پارێزگای دهۆکیش لەم ساڵەدا ڕێژەی هاوسەرگیری بەرزدەبێتەوه بۆ(٢٤%)،پارێزگای هەڵەبجه (٢%)کۆی پارێزگاکانی پێکهێناوه له ساڵی ( ٢٠٢٣).
- پارێزگای سلێمانی لەساڵی(٢٠٠٩)بەپلەی یەکەم دێت لەنێو پارێزگاکان ڕێژەی جیابوونەوەی(٤٩%)بووه. له بەرامبەردا ئەم ڕێژه یه له هەریەک له پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک لەساڵی (٢٠٠٩) یەک به دوای یەک (٤٧% ، ٤%) بووه. له ساڵی (٢٠٢٣) دا لەپارێزگای سلێمانی و هەولێر هەریەکەیان یەك بەدوای یەك ڕێژەی (٤٠% ، ٤٣%) یه، به پێچەوانەوه پارێزگای دهوك ڕێژەکەی بەشێوەیەکی چەند جار زیادیکردووه که گەیشتۆتەله(١٦%) بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (٢٠٠٩)دا.

**٥-٢ پێشنیار**

- پێویسته چاکسازی له پرۆگرامەکانی ڕاوێژکاری وەزارەته پەیوەندیدارەکان (وەک وەزارەتی کۆمەڵایەتی) پرۆگرامەکانی ڕاوێژکاری پێش-هاوسەرگیری بکەنه ناچاری و ستانداردکراو و تیشک بخەنه سەر لایەنه دەروونی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان.(Conflict Resolution) .
- به رز کردنه وه ی ئاستی و شیاری و ڕۆشنبیری له لایه ن هه موو دام و ده زگاکانی کۆمه ڵگا به تایبه تی میدیا و ده زگاکانی ڕا گه یاندن له باره ی گرنگی ئه نجامه کانی جیابوونه وه و کاریگه ری له سه ر کۆمه ڵگا و پێداچوونەوەی یاسایی له بەرژەوەندیی منداڵ پێویسته دامەزراوه دادوەرییەکان له کاتی جیابوونەوەدا، میکانیزمی یاسایی نوێ بۆ باشترکردنی بڕیارەکانی سەرپەرشتیاری (Custody) بگرنەبەر، که به شێوەیەکی زانستیانه لەسەر بنەمای سەلامەتی و بەرژەوەندیی باڵای منداڵ دابمەزرێت.
- توێژینەوەی درێژخایەن (Longitudinal Study) ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ بەدواداچوونی کاریگەریی درێژخایەنی جیابوونەوه لەسەر گەشەی دەروونی و پەروەردەیی منداڵان بەتایبەتی له تەمەنی ٥ بۆ ١٠ ساڵ.
- شیکردنەوەی فاکتەرەکانی سەرکەوتن یان شکستی هاوسەرگیریی دووبارە(Remarriage) (فرەژنی) و جیاوازییەکانی لەگەڵ هاوسەرگیریی یەکەمدا لەسەر بنەمای ئایینی، بۆیه ژیاننامه ی پیغه مبه ری خودا به سه رچاوه یه کی گرنگ بۆ هاوسه ران دادەنرێت تا ژیانێکی ئاسوده به سه ر ببه ن.
- ڕێگریکردن له هاوسەرگیریی له ته مه نی مێرمنداڵی (هاوسەرگیری پێشوەخت)و هاوسەرگیری( زۆره ملێ )،ئەمەش له ڕێگای ئامۆژگاریی پیاوانی ئایینی و میدیاکان بۆ وشیاریی ته واو له سه ر ژیانی هاوسه ری . هەروەها گرنگیدان به لایه نی ئابووری، چ وه ك تاك و چ وه ك ئه ركی حكومه ت كه یارمه تیی هاوسه رانی كه م داهات بكات وهەروەها ڕه خساندنی ده رفه تی كار بۆ هاوسه ران به هه ردوو ڕه گه زەوه.

**5-3 لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە بە زمانی کوردی:**

- حه داد ،هاشم یاسین و ئه وانی تر (٢٠٠٩) ، ئه تله سی هه رێمی کوردستانی عیراق و جیهان، چاپی یەکەم چاپخانه ی تێنووس هه ولێر.

- زێباری، طاهر حه سۆ(٢٠٠٠)، ئه و هۆکارانه ی کارده که نه سه رگه شه ی دانیشتوانی شاری هه ولێر، گۆڤاری هه ولێر، ژماره (٨).

-مخموری، سیروان حسین اسماعیل،(٢٠٢٤)، شیکردنه وه ی جیاوازی شوێنی بۆنیشانده ره کانی پەرەپێدانی مرۆیی له هه رێمی کوردستانی عیراق، تێزی دکتۆرا،کۆلێژی ئاداب ،زانکۆی سه لاحه ددین(بڵاونه کراوه ته وه).

-والی، جه زا حه مه صالح(٢٠١٧)، که لتووری مه سیحیه کان  توێژینه وه یه کی ئه نترۆ پۆلۆلۆجي کەلتوورییە له شاری سلێمانی وکۆیه، نامه ی ماسته ر، زانکۆی سلێمانی، کولێجی زانسته مروڤایه تیه کان.

**سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

الحسناوي ، جواد كاظم( ٢٠٠٢) ، النمو السكاني في محافظة بابل ، مجلة آداب البصرة ، تصدرها كلية الآداب،العدد الثالث،ص٧٩.

- الفراء ،محمد علي عمر( ١٩٨٠)، علم الجغرافية دراسة تحليلية نقدية في المفاهيم والمدارس والاتجاهات الحديثة في البحث الجغرافي ،مجلة الجمعية الجغرافية الكويتية، الكويت، ص ٥٨.

البزاز ،عوني كمال سعيد (٢٠١٠) ، أحكام ومواد القوانين والقرارات المتعلقة بالأحوال الشخصية النافذة في اقليم كوردستان – العراق، اربيل .

السامرائي، عمر طه خليل (٢٠١٤)،الطلاق الالكتروني في ضوء الفقه الاسلامي وقانون الاحوال الشخصية العراقي،مجلة كلية التراث الجامعة/قسم القانون، العدد الثلاثون.

-السبعاوي، هناء جاسم محمد( ٢٠٠٧)، اثرالزواج المبكرللفتيات في عملية التنمية الاجتماعية( دراسة ميدانية في مدينة الموصل)، مركزدراسات الموصل، العدد الثامن العشر.

شاكر خصباك وعلي محمد المياح(١٩٨٣ ) الفكر الجغرافي تطوره وطرق بحثه، مطبعة جامعة بغداد بغداد، ٢١٧ص .

- عيدودي، رمزي قواسمية(٢٠١٩)، بشير الطلاق والتنشئة الاجتماعية للطفل دراسة ميدانية بمتوسطة جدي مقداد ، رسالة ماجستير – الشريعة-قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية،جامعة العربي التبسي – تبسة.

**سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

- John I. Clark-Population Geography,2nd Edition per Garman press, Oxford,1972, p.14.

**دەزگا و فەرمانگە میرییەکان:**

- وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێم ،٢٠٠٩ و ٢٠١٥ و٢٠٢٣.(بڵاونەکراوەتە وە).
- ما مەڵە کانی ئە نجامدراو لە دادگاکانی هە رێمی کوردستان لە ١/١/٢٠٠٩ تاکو ٣٠/١٢/٢٠٢٣، بە ڕێوە بە رایە تی پلان و ئامار لە ئە نجومە نی داد و ەری هە رێمی کوردستانی عیراق.
وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوان و هێزی کار، ژمارەی دانیشتووانی هەرێم ٢٠٠٩ و ٢٠١٥ و٢٠٢١.(بڵاونەکراوەتە وە).

3-5 List of References:

Source in Kurdish:

- Hadad, Hashim Yasin and others (2009), Atlas of the Iraqi Kurdistan Region and the World, first edition of Tenus Printing House, Erbil.
- Zebari, Tahir Hasso (2000), The factors affecting the growth of the population of Erbil, Erbil Magazine, No. (8).
- Makhmouri, Sirwan Hussein Ismail, (2024), Analysis of location differences for human development indicators in the Iraqi Kurdistan Region, PhD thesis, College of Arts, Salahaddin University (unpublished).
- Wali, Jaza Hama Saleh (2017), Christian Culture is a Cultural Anthropology Research in Sulaimani and Koya, Master's Thesis, Sulaimani University, College of Humanities.

Source in Arabic:

Al-Hasnawi, Jawad Kazem (2002), Al-Namo Al-Skani in Babylon Governorate, Basra Literature Magazine, Faculty of Literature, Third Issue, p.

- Al-Fara'a, Mohammed Ali Omar (1980), Geographical Science: A Critical Analytical Study in Concepts, Schools and Current Directions in Geographical Research, Journal of Geographical Society Al-Kuwaitiyah, Al-Kuwait, p.

Al-Bazaz, Ouni Kamal Saeed (2010), Provisions, Legal Articles and Decisions Related to the Personal Status of Survivors in Kurdistan Region – Iraq, Erbil.

Al-Samarai, Omar Taha Khalil (2014), Electronic Approach in the Perspective of Islamic Jurisprudence and Iraqi Personal Property Law, Journal of the Faculty of Heritage University/Section The Law, the Number Three.

- Al-Sabawi, Hana Jassim Mohammed (2007), The Origin of Early Marriage in Social Development Operations (Field Study in Mosul), Mosul Studies Center, 2nd Edition العشر.

Shaker Khasbak and Ali Mohammed al-Mayah (1983) Geographical Thought, Development and Research Methods, Baghdad University Printing House, Baghdad, 217p.

- Eidoudi, Ramzi Qasmiya (2019), Bashir Al-Talaq and Social Development of Children Field Study by Jedi Miqdad, Master's Thesis – Sharia-Department of Social Sciences, Faculty Humanities and Social Sciences, Arab University of Tabsi – Tabsa.

Source in English:

- John I. Clark-Population Geography,2nd Edition by Garman Press, Oxford,1972, p.

Public institutions and offices:

- Ministry of Planning, Kurdistan Regional Statistical Board, Department of Population and Labor Force, Population of the Kurdistan Region, 2009, 2015 and 2023. (Unpublished).
- Transactions conducted in the courts of the Kurdistan Region from 2009/1/1 to 2023/12/30, Directorate of Planning and Statistics in the Judicial Council of the Iraqi Kurdistan Region.

Ministry of Planning, Kurdistan Regional Statistical Board, Department of Population and Labor Force, Kurdistan Regional Population 2009, 2015 and 2021. (Unpublished).